بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

## هەرێمی کوردستانی عێراق
## سەرۆکایەتی هەرێم
## سەرۆك

بەناوی گەلەوە

# بڕیار
# ژمارە (23) ساڵی 2008

**یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای ژمارە(9)ی ساڵی 2007 یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدو ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراقدا**

بە پێی بڕگەی (1) ی ماددەی (10) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 2005 ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە خولی دووەمی دانیشتنی ژمارە (2) لە 15 /2008/9 بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە (13) ی ساڵی 2008**
**یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای ژمارە(9)ی ساڵی 2007 یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدو ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراقدا**

**ماددەی یەکەم:ـ**
بڕگەی (شەشەم) لە ماددەی (پێنجەم) لە یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
**شەشەم:**
براو خوشك و منداڵی قوربانیانی جینۆساید لە مەرجەکانی کە لە بڕگەکانی (3،2)ی سەرەوە داهاتوون بەدەردەبن تا کاتی قەرەبوو کردنیان لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە.

**ماددەی دووەم:ـ**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی سێیەم:ـ**

ئەم یاسایە لە رۆژی جێبەجێ کردنی یاسای ژمارە(9)ی ساڵی 2007 یاسای ماف و ئیمتیاتی کەس و کاری شەهید و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراقدا کاری پێ دەکرێ و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بلاٌو دەکرێتەوە.

**مەسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**ئەم یاسایە لە 3ی رەزبەری 2708ی کوردی بەرامبەر25ی رەمەزانی 1429ی کۆچی و بەرامبەر 25ی ئەیلولی 2008ی زاینی لە هەولێر دەرچووە .**